گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# گرنگی پەیوەست بوونی عێراق بەدادگای تاوانی نێودەوڵەتی و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان

**د. ادریس عبدل کاکە عبداللە**
بەشی یاسا, کۆلێژی یاساو پەیوەندیەنێودەوڵەتیەکان, زانکۆی لوبنانی فەرەنسی, هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
idres.abdlkaka@lfu.edu.krd

## پوختە

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ئەو دامەزراوە دادپەروەریەیە کە پاش نیو سەدە لە هەوڵ و کۆششی نەتەوە یەکگرتووەکان و شارەزایانی بواری یاسا لە ساڵی 1998 دامەزرا و لە ساڵی 2002 بەدواوە کەوتە بواری جێ بەجێ کردنەوە ، کە ئامانجی سەرەکی دادگاکە بریتیە لە بەدیهێنانی دادپەروەری تاوانکاری نێودەوڵەتی.

عێراق وەکو وڵاتێکی فرە نەتەوەو فرە پێکهاتە لەماوەی سەدەی ڕابردودا بەچەندین کارەسات و کاولکاری و جەنگی گەورەدا پێپەڕیووە، هەموو ئەو تاوانانەی کە دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیەوە تاوانەکانی (جێنۆساید، تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ و شەڕانگێزی) لە عێراقدا ڕوویانداوەو هاوڵاتیانی وڵاتەکە بونە بەقوربانی سەرەکی, بەتایبەتی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان لەنێویشیاندا هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان کە پشکی شێریان بەرکەوتووە.

لەسەردەمی ڕژێمی پێشو، عێراق پەیوەست بوونی خۆی بەدادگاکە ڕەت کردووە بە بیانوی بەسیاسی بوونی دادگاکەو باڵا دەستی وڵاتانی زلهێزو پێشێلکردنی سەروەری خاکی وڵات، بەڵام پاش 2003 کە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە دەسەڵاتی سیاسی عێراقدا رویدا و عێراق کرایەوە

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:١٦/٤/٢٠٢٤
پەسەندکردن:٢٢/٥/٢٠٢٤
بڵاو کردنەوە:زستان ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*International Criminal Court, Rome Statute, Security Council, Iraqi Parliament, International Crime.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.4.1

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەئاراستەی دیموکراسیەت و پێشکەوتنەکاندا، حکومەتی کاتی عێراق لەسەردەمی بەرێز
( ئەیاد علاوی) واژوی سەرەتایی لە سەر پەیماننامەی ڕۆما کرد بەمەبەستی ئەندام بوونی لە دادگاکە بەڵام بەداخەوە هەر زوو پەشیمان بووەوە و واژوەکەی کشاندەوە، بەڵام پاش ئەوەش تاکو ئەمڕۆ ئاراستەیەکی بەهێز و جوڵانەوەیەکی ناوخۆیی هەیە بەتایبەت لە هەرێمی کوردستانەوە بە هاندانی عێراق بۆ پەیوەست بوون بەدادگای تاوانی نێو دەوڵەتی، ئەم توێژینەوەیە باس لە گرنگی پەیوەست بوونی عێراق دەکات بەداگاکەو کاریگەریەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان.
وشە سەرەکیەکان: دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، پەیماننامەی ڕۆما، ئەنجومەنی ئاسایش، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق, تاوانی نێودەوڵەتی.

## 1.پێشەکی

مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو قوربانی شەڕ و ململانێ سیاسی و سەربازیەکان بووە, بەداخەوە تاکو ئەمڕۆش بەردەوامیان هەیە و جیهان شاهیدی هەزاران قوربانی بێتاوانە کە رۆژانە ئەبن بەسوتماکی جەنگ و ماڵ و ژیان و ئازادی و سەلامەتی جەستەییان لە دەست دەدەن. تەنانەت ئەگەر جۆری ململانێ و هۆکار و شێوازی جەنگەکانیش جیاواز بن، بەڵام هەمان دەرئەنجامیان لێدەکەوێتەوە، کە بریتیە لە پێشێلکردنی کەرامەتی مرۆڤ و هەڕەشەکردن بۆ سەر ژیان و سەقامگیرییان و بێبەش کردنیان لە سەرەتاییترین مافەکانیان، کە مافی ژیان و ئاشتی و خۆشگوزەرانییە.

لەبەرامبەر ئەو پێشێلکارییە قێزەوەنانە و کەمکردنەوەی ئەو ماڵوێرانیانە کە گەلانی جیهان بەدەستیانەوە دەناڵێنن، بزاوتێك لە کەسانی پسپۆری بواری مرۆڤایەتی و یاساناسان و ئاشتیخوازەکانی جیهان بەبەردەوام هەوڵیانداوە میکانیزم و ئامرازێك بدۆزنەوە تاکو بتوانرێت رێگری بکات لەم هەموو کارەسات و کاولکاریەو تاوانبارانی ئەو مرۆڤ کوژیانە بەسزا بگەیەنێت تاکو ببن بە پەند بۆ کەسانی تر و بەربەست دروست بکرێت لە کۆکوژی و قڕ کردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مرۆڤەکان لە ژێر ناوو ناونیشانی جیاوازدا کە پێشێلکاری گەورەن بۆ یاسای نێو دەوڵەتی و جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ.

ئەو ڕووداوانەی لەجەنگەکانی جیهانی یەکەم و دووەم و پاشانیش لە یوگسلافیای پێشوو و رواندا و باشوري ئەفريقيا ڕوویاندا بوون بەوانەیەك بۆ كۆمەڵگای نێو دەوڵەتی تاکو بیر لە دامەزراندنی سیستەمێکی دادپەروەری تاوانکاری نێودەوڵەتی بکاتەوە کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی کار بکات بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری تاوانکاری نێودەوڵەتی بە شێوازێکی سەربەخۆ و دوور لە ئامانج و بەرژەوەندی و ڕەوچاوکردنی پێوەری سیاسی، ئەمەش ئەو ئامانجە بوو کە نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر لە نیو سەدە هەوڵی بۆ داو و دواجاریش ئەم هەوڵانە گەیشتنە لوتکە بە پەسەندکردنی کۆنفرانسی دیپلۆماسی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆما لە ١٥ی حوزەیران تا ١٧ی تەمموزی ١٩٩٨، لە بارەگای ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی نەتەوە یەکگرتووەکان کە دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و پەیرەوی ناوخۆی دادگاکەی ڕاگەیاند لە ژێرناوی ( پەیماننامەی ڕۆما) کە لە کۆنفرانسەکەدا ١٢٠ دەوڵەت پەسەندیان کرد و ٧ یان لە دژی بوون و ٢١ دەوڵەتیش دەنگیان نەدا, دادگاکە لە 1ی تەمموزی 2002، بەپێی پەیرەوەکەی کەوتە بواری جێ بەجێ کردنەوە . ئەم دادگایە دەزگایەکی دادوەری نێودەوڵەتی سەربەخۆیە کە تەواوکەری دەسەڵاتی دادوەری نیشتمانییە، تایبەتمەندە بە دادگاییکردنی کەسانی سروشتی، بە هۆکاری ئەنجامدانی تاوانە قورسەکان، کە بریتین لە جینۆساید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ ، تاوانەکانی شەڕانگێزی.

هەرێمی کوردستان وەکو بەشێك لە دەوڵەتی فیدڕاڵی عێراق لە مێژوی خۆیدا دانیشتوان و خاکەکەی زۆرترین جار کەوتۆتە بەر دەستدرێژی و كۆمەڵكوژی و قرکردن لە نمونەی تاوانە بە کۆمەڵەکانی وەکو ( پرۆسەکانی ئەنفال ، کیمیا باران کردنی هەڵەبجە و جینۆساید کردنی یەزیدیەکان)، ئەوە جگە لەوەی کە گەلانی عێراقیش بە شێوەیەکی گشتی قوربانی جەنگ و ململانێ بوونە بە درێژایی سەدەی ڕابردوو. پاش ڕوداوەکانی ساڵی 2003 دەست پێکردنی پرۆسەی ئازادی عێراق و لەناوچوونی ڕژێمی بەعس، عێراق جارێکی تر بونیاد نرایەوە لەسەربنەمای دەوڵەتێکی فیدراڵی، دیموکراسی و فرەیی و لە ساڵی 2005 بوو بەخاوەن دەستورێکی هەمیشەیی کە بەبەراورد بە دەستورەکانی پێشتر کرانەوەی زۆری بەخۆیەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بینیوەو مافە سەرەتایی و بنەرەتیەکانی بۆ تاك و کۆمەڵگا فەراهەم کردووە، ئەم کرانەوەو بەرەو دیموکراسیەت هەنگاونانەی عێراق جێگای دڵخۆشی و ئومێدە بۆ گەلانی عێراق و وڵاتانی تریش هەر بۆیە لەگەڵ دامەزراندنی یەکەمین کابینەی نوێ بەسەرۆکایەتی (ئەیاد عەلاوی) عێراق هەوڵیدا خۆی پەیوەست بکات بە پەیماننامەی رۆما و نوێنەری ڕاسپێردراو واژوی سەرەتایی لەسەر پەیماننامەکە کرد بەڵام بەداخەوە دواتر پاشەکشێیان کرد لە واژوو کردنی کۆتایی و پەسەند کردنی پەیماننامەکە.

### 1.2 گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات گرنگی پەیوەست بوونی عێراق بەدادگای تاوانی نێودەوڵەتیەوە دیاری بکات بەتایبەتی بۆ هەرێمی کوردستان کە ئەتوانیین بڵێین ئەبێت بە گرەنتیەکی تر بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی هەرێمەکە و ئەو پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییانەی کەتێیدا دەژین, هەروەها لە هەمان کاتتدا تیشك ئەخاتە سەر ئەو هۆکارانەی کە کاریگەر و ئاستەنگ بوونە بۆ ئەوەی عێراق تاکو ئێستا نەبێت بە ئەندام لەو دادگایە . هەر بۆیە توێژینەوەکە رێگا چارەی گونجاو دەخاتە روو سەبارەت بە پەیوەست بوونی عێراق بەدادگاکە و لەو نێوەندەشدا پێویستی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان بەرچاو دەخات بۆ هاندانی عێراق بۆ وەرگرتنی بڕیاری پەیوەست بوون بە پەیماننامەکەوە.

### 1.3 ئامانجی توێژینەوەکە:

بریتیە لە دەست نیشان کردنی ئەو هۆکارانەی کە رێگریان لە دەوڵەتی عێراق کردووە کە خۆی پەیوەست بکات بە پەیماننامەی ڕۆماوە، تاکو رێگە چارەی گونجاو پێشنیار بکەین بۆ چارەسەرکردنی هۆکار و کۆسپ و تەگەرەکانی پێش پەیوەست بوون بە پەیماننامەکەوە .
کەواتە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ ئەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە :

1- بۆچی گرنگە عێراق خۆی پەیوەست بکات بە پەیماننامەی ڕۆماوەو کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان چی ئەبێت؟

2- ئەو هۆکارانە چین کە بوونەتە مایەی رێگری کردن لە عێراق بۆ پەیوەست بوون بە پەیماننامەکەوە؟
3- میکانیزمەکانی پەیوەست بوونی عێراق بە پەیماننامەکەوە چین؟

### 1.4 رێبازی توێژنەوە:

توێژینەوەکە بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی کردون و دۆزینەوەی رێگا چارەی گونجاو بۆ کێشەی توێژینەوەکە پشت بە رێبازی شیکاری دەبەستێت بۆ برگەو مادەکانی پەیماننامە نێو دەوڵەتیەکان بەگشتی و پەیماننامەی ڕۆما بەتایبەتی و دەستور و یاسا پەیوەنددارەکانی تری عێراق. هەروەها بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی زانیاریە گرنگەکانی تایبەت بەم بابەتە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە دابەش ئەبێت بەسەر دوو تەوەری سەرەکیدا :
یەکەم :دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی و هەڵوێستی عێراق سەبارەت بەدادگاکە, لەم بەشەدا باس لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و سنوری کارەکانی وگرنگی پەیوەست بوونی دەوڵەتەکان بە دادگاکە و پاشان هەڵوێستی عێراق بەرامبەر دادگاکە رون دەکاتەوە، لەگەڵ دیاری کردنی بۆچوونە جیاوازەکان لەسەر پەیوەست بوونی عێراق بە دادگاکە.
دووەم : گرنگی و کاریگەرییەکانی پەیوەست بوونی عێراق بەدادگاکەوە لەسەر هەرێمی کوردستان , لەم بەشەدا تێشک دەخاتە سەر میکانیزمە یاساییەکان سەبارەت پەیوەست بوونی عێراق بەدادگاکەوە و رۆڵی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەم هەنگاوە و دواتریش ئاستەنگەکانی بەردەم پەیوەست بوونی عێراق بە پەیماننامەکە روون دەکاتەوەو لە دوا برگەشدا باس لە کاریگەریەکانی پەیوەست بوونی عێراق بە پەیماننامەکەوە بەتایبەتی لەسەر هەرێمی کوردستان دەکات.

## 2. تەوەری یەکەم: دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی و هەڵوێستی عێراق سەبارەت بەدادگاکە:

لەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر سێ تەوەری سەرەکی کە ئەوانیش بریتین لە باس کردن لە دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی لە رووی دەسەڵات و پسپۆریەوە لە برگەی یەکەمدا و پاشانیش لە

بڕگەی دووەمدا باس لە هەڵوێستی دەوڵەتی عێراقی ئەکەین سەبارەت بەدادگاکە، و دوا بڕگەش تایبەت ئەبێت بە باس کردن لە پاڵپشتی کردن و دژایەتی کردن بۆ پەیوەست بوونی عێراق بە دادگاکە.

## 2.1 بەشی یەکەم : دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی و دەسەڵاتەکانی

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆری کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی و بەتایبەت ڕێکخرای نەتەوە یەکگرتووەکان لە خولی پەنجاو دووەمی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە ڕۆما دروست کردنی دادگاکەی لە ساڵی1998 لە خەونەوە کرد بەراستی و پاشان لە یەکی تەموزی 2002 دادگاکە چووە بواری جێ بەجێ کردنەوە و تاکو ئێستا (126) دەوڵەت ئەندامن لە پەیماننامەکەدا. دادگاکە هەروەکو باسکرا لە پەیماننامەیەکی نێو دەوڵەتیدا پاش گفتوگۆیەکی درێژخایەن لە دایك بوو ئەمەش بەواتا ڕێککەوتنی دەوڵەتەکانی ئەندام دێت لەسەر پەیماننامەکە کە دڵنیایان بکاتەوە لەوەی کە دادگاکە نابێتەوە شوێنگرەوەی دادگای نیشتیمانی دەوڵەتەکان و ناشبێت بەمەترسیەك لەسەر سەروەریان. هەر بۆیە دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی بە دادگایەکی تەواوکاری بۆ دەسەڵاتی دادوەری دەوڵەتەکانی ئەندام هەژمار ئەکرێت نەك جێگرەوە ( شعبان, 2002: 69) / ( الرشيدي, 2002: 15) / ( توفيق, 2019: 23). هەروەها دادگاکە لە رووی دەسەڵاتە بابەتیەکانەوە تایبەتمەندە بە تاوانە مەترسیدارەکانی (جینۆساید, تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ، تاوانەکانی شەڕانگێزی), کەواتە دادگاکە لەدەرەوەی ئەم تاوانانە بەرپرسیار نیە لە هەرتاوانێکی تر کە رووبدات . کەواتە ئەتوانین بڵێین دەسەڵاتەکانی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای جۆری تاوانەکە، ئەو کەسانەی کەتاوانەکان ئەنجام ئەدەن ، ئەو کات و شوێنەی کە تاوانەکانیان تێدا ئەنجامدراوە دیاری دەکرێت . بەواتایەکی تر دەسەڵاتی دادوەری نێودەوڵەتی لەم دادگایە خەسڵەتەکانی چۆنایەتی، کەسی، هەرێمی و کاتین. هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد بەپێی مادەی (5) لە پەیماننامەی ڕۆما تاوانەکان دیاری کراون کەبریتین لە چوار تاوان، لە رویی دەسەڵاتی دادگاکەوە لەسەر کەسەکان دادگاکە لێپرسینەوەی یاسایی ئەکات لەگەڵ کەسی سروشتیدا ئەمەش بەو واتایە نیە کە کەسە واتاییەکان دەرباز

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەبن لە سزایی یاسایی کاتێك کەبەرپرسیار ئەبن لە ئەنجامدانی ئەو چوار تاوانەی کەلە چوار چێوەی دەسەڵاتی دادگاکە دایە ( علوان, 2002: 167) / ( الشكري, 2005: 205-2016) / الفتلاوي, وربيع, 2007: 331), هەروەها دەسەڵاتەکانی دادگاکە لە رووی شوێنی رووداوەوە ( تایبەتمەندی هەرێمی) تایبەتمەندە بەو تاوانانەی کە لەسەر خاکی دەوڵەتەکانی ئەندام لەم پەیماننامەیەدا روو دەدەن بەڵام وەکو ریزپەرێك دەسەڵاتەکانی درێژبێتەوە بۆ خاکی ئەو وڵاتانەی کە ئەندامیش نین بەمەرجێك خۆیان رایبگەیەنن کە پابەندئەبن بە تایبەتمەندی دەسەڵاتی دادگاکە ( (Kirsch, 2007: 548، دواجاریش دەسەڵاتەکانی دادگاکە لە روویی کاتەوە بەهەمان شێوەی یاسای تاوانکاری نێوخۆیی پشتی بە بنەمای نەگەرانەوەی یاسای تاوانکاری بەستوە بۆ ڕابردوو کەواتە دادگاکە تایبەتمەند ئەبێت بەو تاوانانەی کە روودەدەن لە هەرێمی دەوڵەتەکانی دامەزرێنەری دادگاکە پاش ئەوەی کەپەیرەوەکەی ئەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە یاخود بۆ هەرێمی ئەو دەوڵەتانەی کەدواتر خۆیان پەیوەست ئەکەن بە پەیماننامەکەو ئەبن ئەندام لەدادگاکە بە پێی مادەی (11) لەپەیماننامەی ڕۆما (مولود, 2013: 149).

## 2.2 بەشی دووەم : هەڵوێستی عێراق سەبارەت بەدادگاکە

دادگای تاوانی نێودەڵەتی لە چوارچێوەی پەیماننامەی ڕۆما لە ساڵی 1998 دامەزراو لە ساڵی 2002 کەوتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، عێراق لەو سەردەمەدا لە ژێر رکێفی حزبی بەعسدا بوو بەسەرکردایەتی صدام حسین کە وڵاتێکی پەراویز خراو بوو بە هۆی ئەو شەرو دەست درێژی و پێشێلکاریانەی کە لە ڕابردوودا ئەنجامی دابوو, لە هەمان کاتتدا هەڵوێستێکی دژە ئاراستەی هەبوو بەرامبەر بەدادگاکە و پەیماننامەی ڕۆما ، ئەم هەڵوێستەش لە لایەن نوێنەری عێراقەوە لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەیەك وێنا ئەکرا کە ئەم دادگایە لە ژێر هەیمەنەی ئەنجومەنی ئاسایشدایە کە ئەنجومەنەکەش لەلایەن پێنج دەوڵەتەوە کونترۆڵ کراوە بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان، بۆیە عێراق لەو قۆناغەدا پەیوەست بوونی بە پەیماننامەکە رەت کردەوە لە ژێر مەترسی دەست وەردانی دادگاکە لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتەکەیدا و پێشێلکردنی سەروەریەکەی ( عطية, 1999: 15) / ( محيدلي, 2014: 76-78).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاش روخاندنی رژێمەکەی صدام حسین لە عێراق لە ساڵی 2003 و کرانەوەی عێراق بەئاراستەی دیموکراسیەت لە ژێر چاودێری دەسەڵاتی هاوبەشی کاتی بەسەرکردایەتی ( پۆڵ بریمەر) کە لەلایەن وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاوە ڕاسپێردرا بە حاکمی مدنی عێراق بە قۆناغێکی ڕاگوزەردا پێپەری کە ئامانجی هەرە لە پێشینە بریتی بوو لە نوسینەوەی دەستورێك بۆ عێراق و پەسەندکردنی لەلایەن خەڵکەوە و پاشان ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەران تاکو لەو رێگایەوە حکومەتێکی نوێ بۆ عێراق بهێندرێتە کایەوە.

لە هەنگاوی یەکەمی ئەو قۆناغەدا لە ساڵی 2004 حکومەتێکی کاتی دامەزرا بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی، ئەم حکومەتە کابینەیەکی هاوبەش و هاوسەنگ بوو لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا و پاش ساڵانێکی زۆر لە دوور خستنەوەی کورد لە هاوبەشی کردن لە دەسەڵات جارێکی تر ڕۆڵی گرنگ بە کورد درایەوە وەکو نەتەوەی دووەم لە عێراقدا. ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بکەین ئەم حکومەتە لە هەنگاوێکی دڵخۆشکەردا بە ئاراستەی پەیوەست بوون و هەماهەنگی کردن لەگەڵ دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا لە ساڵی 2005 واژوی سەرەتایی بە پیتەکانی یەکەم کرد لەسەر پەیماننامەی ڕۆمای دامەزراندن بەڵام بەداخەوە پاش ماوەیەکی کورت واژوەکەی خۆی کشاندەوە، لە ژێر بیانوی ئەوەی کە گوایە دادگاکە کار بەیەك پێوەر ناکات و دادپەروەر نیە و هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە وڵاتانی عەرەبی جێگای گومانە، بەداخەوە ئەم بیانوانەی حکومەتی نوێی عێراق هەمان ئەو بیانوانەبوون کە رژێمی پێشووی عێراق باسی دەکردن لە خۆدزینەوە لە پەیوەست بوون بە دادگاکەوە ( عبداللطيف, 2014: 20-36). هەرچەندە بەشێك لەو رەخنانەی کە رووبەرووی دادگاکە دەبنەوە ڕاستیان تێدایە بەتایبەتی دەسەڵاتی فراوانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی لە مادەکانی (13 و 16 ) پەیماننامەکەدا کە بریتین لە دەست تێوەردانی مەترسیدار، ئاشکرایە ئەم ئەنجومەنە لەلایەن پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەوە لە رێگای مافی ڤیتۆوە تا رادەیەکی زۆر بێلایەنی لەدەستداوەو بەشی زۆری بڕیارەکانی لە ژێر هەژموونی ئەو دەوڵەتانەدا دەردەکات یاخود ڕەچاوی بەرژەوەندیەکانیان دەکات ( عبدالله, 2017: 27) / ( ليندة, 2012: 128) / ( عثمان, 2010: 65-87), بەڵام ئەمە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەمانای ئەوە نایەت کە دادگاکە بێلایەن و پیشەییانە کارناکات و خاڵی بەهێزو دەسکەوتی گەورەتری هەیە بەبەراورد بەو رەخنانەی کە روو بەروی دەکرێنەوە.

لەراستیدا هەرچەندە عێراق لە پاش 2005 بووە خاوەنی دەستورێکی نوێ و ئەنجومەنی نوێنەرانی لە رێگای هەڵبژاردنەوە جارێکی تر دامەزراندەوەو دواتریش ئەنجومەنەکە متمانەی بە حکومەتی نوێی عێراق بەخشیەوە بەڵام عێراق بە ئاستێکی بەرز لەژێر هەژمونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی هەرێمیدا بوو، ئاشکرایە هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە دادگاکە هەڵوێستێکی نەیارانەیە، ئەمە سەرەڕای هەبوونی سەربازانی ئەمریکا و بەریتانیا و وڵاتانی تر لەعێراق کە چەندین پێشێلکاری گەورەیان دژ بە مافەکانی مرۆڤ ئەنجامدابوو ، هەر بۆیە کاریگەری ئەمریکیەکان و وڵاتانی تری نەیار بە دادگاکە بەسەر حکومەتی نوێی عێراقەوە بە روونی ئەبینرا لەوەی رێگر بووە لە پەیوەست بوونی عێراق لەگەڵ پەیماننامەکەدا( Kaka Abdulla, 2022: 120).

**2.3 بەشی سێیەم: دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە نێوان پاڵپشتی کردن و دژایەتی کردندا**

هەروەکو پێشتر باسکرا ئەم دادگایە بەرئەنجامی هەوڵ و تێکۆشانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کەسایەتیە پسپۆرەکانی بواری یاسا و سیاسەت و رێکخراوە نێودەوڵەتیە مرۆڤ دۆستەکان بوو پاش نزیکەی نیو سەدە لە کۆشش کردن دواجار گەیشت بە بەرهەم و دادگاکە وەکو دەسەڵاتێکی دادوەری نێو دەوڵەتی سەرەڕای کەموکورتی و ئاستەنگەکان هاتە گۆرەپانی نێودەوڵەتی. ئاشکرایە ئەم بابەتەش وەکو زۆربەی بابەتە یاسایی و نێودەوڵەتیەکانی تر تێڕوانینی جیاوازی لەسەر دروست بوو جا لە ئاستی دەوڵەتەکان بێت یاخود تاك، سەرەرای هەبوونی پشتیوانی گەورە بۆ دامەزراندنی دادگاکە لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتەکان و رێکخراوەکان و شارەزایانی بواری یاساوە هەندێك لە دەوڵەت و کەسایەتیەکانیش تێڕوانینی نەرێنیان هەیە بۆ دادگاکە جا بەشێکیان ڕەت کردنەوەیان بۆ دادگاکە ویستیانە بۆ دروست کردنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بە دەسەڵاتێکی گەورەتر و فراوانترەوە تاکو بتوانێت دادپەروەری تاوانکاری نێو دەوڵەتی بچەسپێنێت و لە ژێر هەژموونی سیاسیدا نەبێت بەڵام

بەشێکی تر لەو روانگەیەوە بیردەکەنەوە کە دادگاکە بەسیاسی کراوەو لە ژیان بەکارئەهێنرێت یاخود بەرژەوەندیەکانیان ئەخاتە ژێرمەترسیەوە ، بۆ ئەو مەبەستە لێرەدا بە کورتی وپوختی بۆچوونە جیاوازەکان دیاری ئەکەین سەبارەت بە پەیوەست بوونی عێراق بەدادگاکەوە یاخود مانەوەی لەدەرەوەی پەیماننامەکە بەم شێوەیە:

### 2.3.1 یەکەم:هەڵوێستی ئەرێنی

ئاشکرایە عێراق دەوڵەتێکی فرەنەتەوەو ئاین و مەزهەبە و بەدرێژایی سەدەی رابردوو بە چەندین کارەسات و شەروماڵوێرانی و کاولکاریدا تێپەریوەو دواجار پاش رووخاندنی رژێمی صدام حسێن لە ساڵی 2003 جارێکی تر عێراق بونیاد نرایەوە لەسەر بنەمای دەوڵەتێکی دیموکراسی، فێدراڵی ، فرەلایەن کە ئەمەش بە هەنگاوێکی گرنگ بەئاراستەی فەراهەم کردنی مافەکانی مرۆڤ و چەسپاندنی ئارامی و ئاسایش هەژمار ئەکرێت ، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت عێراق خۆی پابەند بکات بە هەموو ئەو پەیماننامە نێو دەوڵەتیانەوە کە پانتایی ئازادی فراوانتر ئەکەن و زیاتر دەبن بە مایەی چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و پێکەوە ژیان. هەر بۆیە زۆربەی پسپۆران و شارەزایان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پشتگیری لەوە ئەکەن کە عێراق ببێت بە ئەندامی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی

( الجابر, أهمية انضمام العراق الى المحكمة الجنائية الدولية بعد جرائم داعش في العراق,2021)، ئێمەش هەمان ئەم تێڕوانینەمان هەیە و هیچ بیانویەك نابینینەوە کە عێراق خۆی لەم پەیماننامەیە بە دور بگرێت، چونکە پەیوەست بوونی عێراق بە پەیماننامەکە لە بەرژەوەندی گەلانی عێراقە و ئەبێتە پشتیوانیەکی گەورە بۆ پاراستنی ژیان و ئارامی گەلانی عێراق بەگشتی و پێکهاتەکان بە تایبەتی کە هەمیشە قوربانی سەرەکی بوونە لە عێراق، نمونەشمان زۆرە وەکو : کیمیا باران کردنی هەڵەبجە و پرۆسەی ئەنفال کردنی کوردستان ،جێنۆ سایدکردنی یەزیدیەکان ، دەستدرێژی کردن بۆ سەر ماڵ و ژیان و تایبەت مەندی مەسیحیەکان، قوربانیەکانی ململانێی تائیفی لە عێراق لە نێوان سالانی (2016-2005) ئەمانەو دەیان نمونەی تر.هەروەها عێراق ئەتوانێت سود لە توانای دادگاکە وەربگرێت بۆ دادگایی کردنی تاوانبارانی بێگانە کە زۆرجار خاکی عێراقیان بەکارهێناوە بۆ ململانێی

سەربازی و تیرۆریستی ( العبیدي, 2020 ,المساعدة الدولیة للتحقیق في جرائم داعش بالعراق.. کیف ومتی؟).

ئەم دادگایە هەروەکو لە مادەی 17 ی پەیماننامەکەدا هاتووە کار بە بنەمایی تەواوکاری تاوانکاری ئەکات و نابێتە جێگرەوەی دادگای ناوخۆیی و نیشتیمانی، کەواتە لە پێشینەیی بۆ دادگای نیشتیمانیە بۆ لێپێچینەوە لەو تاوانانەی کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیە کە بریتین لە تاوانەکانی ( جێنۆساید ، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی ، تاوانەکانی جەنگ ، تاوانەکانی شەڕانگێزی)، بەڵام ئەگەر لە حاڵەتێکدا دەسەڵاتی دادوەری نیشتیمانی کەمتەرخەمی نواند یان توانای نەبوو لەسزادانی تاوانبارانی ئەو جۆرە تاوانانە یاخود لایەنگری کرد لە تاوانبارەکان بە هۆی پێگەوبەرپرسیارێتیان یان لەبەر هەر هۆکارێکی تر کەمترخەمی نواند لە بەرجەستەکردنی دادپەروەری لەو حاڵەتانەدا دادگای تاوانی نێودەوڵەتی شوێنی دادگای نیشتیمانی ئەگرێتەوە تاوەکو تاوانباران رزگار نەبن لە سزای دادپەروەرانە ( ابو الوفاء, 1999: 9) / ( حسیب, 2024, کورد و المحکمة الجنائیة الدولیة باللغة الانکلیزیة ).

### 2.3.2 دووەم:هەڵوێستی نەرێنی

لەبەرامبەردا بەشێك لە شارەزایانی بواری یاسا و کەسایەتیە سیاسیەکان لە دژی پەیوەست بوونی عێراقن بە پەیماننامەی ڕۆماوە بە بیانوی ئەوەی ئەم دادگایە دادگایەکی بەسیاسی کراوەو هەیمەنەی دەوڵەتە گەورەکانی بەسەرەوەیە، بەتایبەتی پێنج دەوڵەتە ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش، کە لە رێگای ئەنجومەنی ئاسایشەوە ئەتوانن دەست وەردان لە دادگاکەدا بکەن و ئامانجە سیاسیەکانی خۆیان لەو رێگایەوە بەدی بهێنن بە تایبەتی لە ژێر بەندی حەوتەمی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ئەمە بە مەترسی گەورە ئەزانن لەسەر سەروەری دەوڵەتی عێراق و سەربەخۆیی سیستەمی دادوەری وڵاتەکە، بۆیە بە ئەندام بوونی عێراق دەرگای دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی بۆ ئەو وڵاتانە ئەرەخسێنێت ( جسملة, 2023, أهمیة انضمام العراق إلی نظام روما الاساسي).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرچەندە بەشێك لە رەخنەکان لە دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی لە جێگای خۆیدایە و ئەو کەماسیانەی دادگاکە ناشاردرێتەوە کە دەسەڵاتی فراوانی ئەنجومەنی ئاسایش ڕۆڵی نەرێنی هەیە بە تایبەتی ئەو دەسەڵاتەی کە مادەکانی (13و16) بە ئەنجومەنی ئاسایشی بەخشیوە دەبێتە مایەی ئاستەنگی گەورە بۆ دادگاکە، بەڵام لەلایەکی تریشەوە دادگاکە ئەتوانێت سود لەدەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی ئاسایش وەربگرێت بەمەبەستی بەدەست هێنانی پشتیوانی زیاتری دەوڵەتەکان و بەخشینی هێزێکی زیاتر بەدادگاکە تاکو بتوانێت بەئەرکەکانی خۆی هەڵبسێت ( رفیق, 2010: 126) .

## 3 . تەوەری دووەم: شێواز و میکانیزمی پەیوەست بوونی عێراق بەپەیماننامەی رۆماو گرنگی و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان:

لەم تەوەرەدا تیشك ئەخەینە سەر میکانیزمی یاسایی و شێوازی وەرگرتنی بریاردان لە عێراق بە پێی دەستوری ساڵی 2005 و یاسا بەرکارەکان سەبارەت بە پەیوەست بوونی عێراق لەگەڵ پەیماننامەی ڕۆما و رۆڵی  هەرێمی کوردستان لەم نێوەندەدا، پاشان گرنگی وکاریگەریەکانی بەئەندام بوونی عێراق لە دادگاکە لە دوا بڕگەدا دەخەینە روو.

### 3.1 بەشی یەکەم: میکانیزمی بریاردان سەبارەت بەپەیوەست بوونی عێراق بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیەوە

پەیوەست بوون بە پەیماننامە نێو دەوڵەتیەکان میکانیزم و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە و لە لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەیاسا رێکخراوە، لە نێوخۆدا دەستوری دەوڵەت و یاساکان ئەم بابەتە رێکدەخەن وەکو بەشێك لە دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان دامەزراوە باڵاکاندا لەرێگای دەستورەوە لایەنی خاوەن تایبەتمەندی بە بەستن و پەسەندکردنی پەیماننامە نێو دەوڵەتیەکان دیاری دەکرێت ئەم دەسەڵات دابەش کردنەش بەپێی جۆری سیستەمی فەرمانڕەوایی جیاوازە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی، هەروەها لە ئاستی نێو دەوڵەتیش پەیماننامەی ڤیەننای ساڵی 1969 بۆ ڕێکخستنی پەیماننامە نێو دەوڵەتیەکان چوارچێوە

گشتیەکانی دیاری کردووە ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەموو پەیماننامەکانیش چەندین مادەو بڕگە دەست نیشان ئەکەن سەبارەت بە شێوازی پەیوەست بوون و ماوەی دیاری کراو بۆ پەیوەست بوون و کاتی چونە بواری جێ بەجێ کردنی پەیماننامەکەو کاریگەریە یاساییەکانی پەیوەست بوون و پاشەکشێ کردنی پەیماننامەکان، هەروەکو ئەوەی کە پەیماننامەی ڕۆما کردویەتی لەم بوارەدا ( انفاقية فيننا لقانون المعاهدات, 1966).

کەواتە کاتێك دەوڵەتێك بیەوێت پەیوەست بێت بە پەیماننامەیەکی نێو دەوڵەتیەوە ئەبێت ڕەچاوی یاسا ناوخۆییەکانی بکات لە رووی لایەنی تایبەتمەند بە ئەنجامدانی پێشکەش کردنی پرۆژەکەو پەسەندکردنی.

بۆ ئەوەی بە شێوازێکی ورد میکانیزمی پەیوەست بوونی عێراق بە پەیماننامەی ڕۆما دەست نیشان بکەین ئەبێت بە دوو تەوەر گفتوگۆ لەسەر میکانیزمەکان بکەین بەم شێوەیە: لە بەشی یەکەمدا پەیوەست بوونی وڵاتان بەپەیماننامەی رۆما و بوونیان بە ئەندام لەسەر بنەمای پەیماننامەکە و یاسای گشتی نێودەوڵەتی، لە بەشی دووەمیشدا میکانیزمی پەیوەست بوونی عێراق بەپەیماننامەی رۆماوە لەسەر بنەمای یاسا ناوخۆییەکان و دوا برگەش تایبەت ئەبێت بە باس کردن لەسەرگرنگی وکاریگەریەکانی پەیوەست بوونی عێراق بەپەیماننامەکەوە لەسەر هەرێمی کوردستان.

### 3.1.1 یەکەم: پەیوەست بوونی عێراق بەپەیمانامەی ڕۆما لەبەر رۆشنایی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان

سەرەتا پێویستە بزانین بوون بە ئەندام لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی واتا پەیوەست بوون بە پەیماننامەی ڕۆما ، کەواتە پەیوەست بوون واتای ئەو رەفتارە یاساییەیە کە دەوڵەتێك ئەیەوێت پابەندی خۆی بکات لەگەڵ پەیماننامەیەکی نێو دەوڵەتی کەپێشتر بەستراوە، بەپێی ئەو بنەمایانەی کە پەیماننامەکە لە دەقەکانیدا جێگیری کردووە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو بنەما گشتیانەی کە لە پەیمانامەی ڤیەننا بۆ رێکخستنی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکاندا هاتووە ( الجندي, 1988: 64).

هەروەکو ئەوەی لە بڕگە (1/ب) لە مادەی دووی پەیماننامەکەدا هاتووە دەڵێت مەبەست لە پەسەند کردن، رەزامەندی، پەیوەست بوون بریتیە لە رێوشوێنێکی نێودەوڵەتی، کە دەوڵەتەکە بریار ئەدات بە ڕەزامەندی دەربڕین لە ئاستی نێو دەوڵەتی بە پابەندبوون بە پەیماننامەکە.

هەروەها لە هەمان پەیماننامەدا لە مادەی (15) هاتووە دەڵێت ( دەوڵەتەکە ڕەزامەندی دەرئەبرێت بە پابەندبوون بە پەیماننامەکەوە بە پەیوەست بوون بە پەیماننامەکە لەیەکێك لەم حاڵەتانە:

(أ) ئەگەر پەیماننامەکە ئەوەی بەرجەستە کردبێت کە دەربرینی ڕەزامەندی بەرێگای پەیوەست بوون ئەبێت؛ یاخود

(ب) ئەگەر بەرێگایەکی تر ئەوە سەلمێندرا کە ئەو دەوڵەتانەی کە گفتوگۆکانیان ئەنجامداوە رێککەوتوون لەسەر ئەوەی کە دەربڕینی ڕەزامەندی بەرێگای پەیوەست بوون ئەبێت؛ یاخود

(ج) ئەگەر سەرجەم لایەنەکانی پەیماننامەکە ریککەوتبوون لەسەر ئەوەی کە دەربرینی ڕەزامەندی بە رێگای پەیوەست بوون ئەبێت.

لەلایەکی ترەوە لە بڕگەی 3 لە مادەی (125) پەیماننامەی ڕۆمادا هاتووە کە دەرگای پەیوەست بوون بەپەیماننامەکە بەکراوەیی ئەمێنێتەوە لەبەردەم هەموو دەوڵەتەکان ئەگەر بیانەوێت ببن بەئەندام ئەبێت چەکی ڕەزامەندی دابنێن لە لای ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان.

پاشان لە مادەی (126) برگە دوو دا، دەست نیشانی کاتی چوونە بواری جێ بەجێ کردنی پەیماننامەکەی کردووە سەبارەت بەو دەوڵەتانەی کە چەکی ڕەزامەندی پێشکەش ئەکەن کە بریتیە لە رۆژی یەکەمی ئەو مانگەی کە دێت لە دوایی شەست رۆژ لە پێشکەش کردنی چەکی ڕەزامەندی یان پەسەندکردن یان پەیوەست بوون بەپەیماننامەکە.

کەواتە بەپێی دەقەکانی پەیماننامەی رۆما و پەیماننامەی ڤیەننای ساڵی 1969 بۆ رێکخستنی پەیماننامەکان دەرگای پەیوەست بوون بۆ عێراق و هەموو دەوڵەتەکانی تر کراوەیە بۆ پەیوەست بونیان بە پەیماننامەی رۆما و هیچ جۆرە رێگریەك و ئاستەنگێکی نێو دەوڵەتی بەدی ناکرێت، بەڵکو پرۆسەیەکی سادەو ئاسانە و تەنها پێویستی بەبریاری ناوخۆیی دەوڵەتی عێراق هەیە بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی پەیوەست بوون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3.1.2 دووەم: پەیوەست بوونی عێراق بەپەیماننامەی ڕۆما لەسەر بنەمای یاسا نێوخۆییەکان

سەبارەت بەپەیوەست بوونی عێراق بە پەیماننامەی ڕۆما سەرەتا ئەگەرێینەوە بۆ دەستوری عێراقی ساڵی 2005 لە کە مادەکانی ( 61 و 73) دەسەڵاتی پەسەندکردنی گەراندۆتەوە بۆ دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆك کۆمار، پاشان پێویستە بگەرێینەوە بۆ یاسای رێکخستنی پەیماننامەکان لە عێراق کە بریتیە لە یاسای ژمارە (35) ساڵی 2015 ، یاساکە لە برگەی پێنجەمی مادەی یەکەمدا ئەم بابەتەی یەکلایی کردۆتەوەو پێناسەی پەیوەست بوونی بەپەیماننامە نێودەوڵەتیەکان کردووە، کە ئەڵێت( ڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران و پەسەند کردنی سەرۆك کۆمار بۆ پابەندبوون بە پەیماننامەیەکی فرە لایەن کە پێشتر واژۆی لەسەرنەکرابێت لە ماوەی دیاریکراودا بۆ واژوو کردن). کەواتە بەپێی یاساکە پەیوەست بوون بە پەیماننامەی ڕۆما لەلایەن عێراقەوە دەسەڵاتێکی هاوبەشە لە نێوان ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆك کۆماردا و ئەبێت هەردولا رەزامەندی لەسەردەربڕن چونکە وەکو پێشتر باسمان کرد عێراق تاکو ئێستا واژۆی کۆتایی لەسەر ئەو پەیماننامەیە نەکردووە و لەکاتی دامەزراندنی دادگاکەشدا لە 1998 یەکێك بووە لەو (7) دەوڵەتەی کە پەیماننامەی دامەزراندنەکەی ڕەت کردۆتەوە لەسەردەمی رژێمی پێشودا ( العساف, 2023, لماذا لا تنظر المحكمة الجنائية الدولية بجرائم حرب احتلال العراق!؛ العدالة العالمية بين ارادة الدول الكبرى ومصالحها الاستراتيجية, 2023.

کەواتە ئەگەر عێراق بیەوێت پەیوەست بێت بە پەیماننامەی ڕۆماوە پێویستە ڕەزامەندیەکی ئاشکراو روون دەربرێت بە رێکارە یاساییەکان لە رێگای دەسەڵاتە خاوەن تایبەتمەندیەکانەوە، کە ئەمەش بابەتێکە پرۆژەکە لە رێگای وەزارەتی دەرەوەی عێراقەوە ئەجولێنرێت و ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران ئەکرێت وەکو دەسەڵاتی تایبەتمەندو باڵا لە عێراقدا و پاش ئەوەی لە ئەنجومەنی وەزیران خوێندنەوەی بۆ ئەکرێت و لە رێگای کۆبوونەوەوە پەسەند ئەکرێت و بە شێوەی پرۆژە یاسایەك ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەران ئەکرێت بەمەبەستی پەسەند کردنی بە دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنەکە کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا لەوانەیە ببێت بە ئاستەنگێك بۆ کۆکردنەوەی ئەو رێژەیە لەدەنگی ئەندامانی ئەنجومەن بەپێی برگەی (چوار) لە

مادەی(61) لە دەستوری هەمیشەیی عێراق، پاش تێپەرینی پرۆژەکە لە ئەنجومەنی نوێنەران دەبێت بەیاسا و ئاراستەی سەرۆك كۆمار ئەكرێت هەروەکو ئەوەی لە برگەی (دوو) لە مادەی (73) لە دەستوردا هاتووە، هەرچەندە لەم بابەتەدا دەسەڵاتی سەرۆك كۆمار دەسەڵاتێکی لاوەکیەو بەپێی مادەکە پاش ماوەی پازدە رۆژ لە گەیشتنی بەسەرۆك كۆمار بە پەسەند کراو هەژمار ئەکرێت. کەواتە دەسەڵاتی سەرەکی لەم بابەتەدا دەگەرێتەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران چونکە عێراق دەوڵەتێکی پەرلەمانیە بەپێی دەستورەکەی هەربۆیەش ئەنجومەنی نوێنەران رۆڵی گرنگی پێدراوە لە دەستوردا.

پاش ئەوەی پرۆژەی پەسەندکردنی پەیوەست بوونی عێراق بە پەیماننامەکە لە ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتی كۆمار تێدەپەرێت و دەبێت بەیاسا قۆناغی جێ بەجێ کردنی یاساکە دەست پێدەکات، ئەم بابەتەش یاسای رێکخستنی پەیماننامەکان ژمارە (35) ساڵی 2015 رێکیخستووەو لە ژمارەیەك لە مادەو برگەکانیدا دەست نیشانی تایبەتمەندی دەسەڵاتەکانی کردووە بە ئەنجامدانی پەسەندکردن و واژووکردنی پەیماننامە نێو دەوڵەتیەکان، کە ئەوەش بەشێوەیەکە کە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن کە خۆی لە ئەنجومەنی وەزیراندا ئەبینێتەوە دەست نیشانی کەسێك یان زیاتر ئەکات کە بەنوێنەرایەتی عێراق واژوی پەیوەست بوونی عێراق بکەن بە پەیماننامەی رۆماوە. شایانی ئاماژەیە بەڵگەنامەی ڕاسپاردن بە واژوو کردن ئەبێت لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە واژوکرابێت چونکە سەرۆك وەزیران بەپێی یاسا کەسی پەیوەندداره بە کاروبارەکانی پەیوەست بوون بە پەیماننامەکان و بەپێی بەرپرسیارێتی و پۆستەکەی نوێنەرایەتی عێراق ئەکات لەم بوارەدا، هەروەکو چۆن وەزیری دەرەوەی عێراق نوێنەرایەتی عێراق ئەکات لە گفتوگۆکانی تایبەت بەبەستنی پەیماننامەکان بەپێی بەرپرسیارێتی و پۆستەکەی ( الفهداوي, و زنكنه, 2018: 461-492).

## 3.2 بەشی دووەم: گرنگی وکاریگەریەکانی بەئەندام بوونی عێراق لە دادگاکە لەسەر هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان وەکو تاکە هەرێمێك لە سیستەمی فیدراڵی عێراق کە مێژویەکی درێژتری لە گەشەکردنی دیموکراسیەت هەیە بەبەراورد لەگەڵ عێراقی نوێ ( پاش روخاندنی رژێمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

صدام حسین)، چونکە هەرێمی کوردستان وەکو پارچەیەکی رزگار بوو لە دەستی حکومەتی ئەوکاتی عێراق پاش کاولکاریەکی زۆر و کارەساتی گەورەی مرۆڤ کوژی لە ڕاپەرینی 1991 وەکو دیفاکتۆیەك لە عێراق خۆی وەکو یەکەیەکی دیموکراسی راگەیاند و بووە شوێنی پێکەوە ژیانی دیموکراسی نێوان نەتەوەو ئاین و ئاینزاکان، کە پێشتر هەموو پێکهاتەکان توشی چەوسانەوەو دەست درێژی گەورە بوو بونەوە بەهەموو رێگایەکی نامرۆڤانە. عێراقی نوێ جێگای ئومێدی زۆری خەڵکی کوردستان بوو، هەربۆیە لە راپرسیکردن بۆ دەستوری ساڵی 2005 زۆرترین دەنگ بۆ پشتیوانی دەستور لە هەرێمەکەدا کۆکرایەوە و پەسەند کرا. ئەم هەرێمە هەروەکو باسکرا رابردویەکی تاڵی هەیە لەگەڵ شەرو کاولکاری و کۆکوژی و جیاکاریدا بۆیە جوڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی تێدایە بە ئاراستەی هاندانی عێراق بۆ بەئەندام بوون لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، ئەم بزاوتە لەرێگای چالاکوانانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و شارەزایانی بواری یاساو چەندین خۆبەخش و چالاکوانی بوارەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسیەتەوە هەوڵ و کۆششی زۆریانداوە لە رێگای رێکخستنی کونفرانس و کۆرو کۆبوونەوەو سیمینار و خۆپیشادانەوە تاکو فشار لەسەر عێراق دروست بکەن بەمەبەستی پەیوەست بوونی بە پەیماننامەی ڕۆما، کە ئەبێتە مایەی گرەنتیەکی گەورە بۆ پاراستنی مافەکانی هاوڵاتیانی عێراق بەگشتی و دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی. چونکە لە عێراقدا بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو هاوڵاتیان بونە بە قوربانی جەنگ و کۆمەڵکوژی و دەستدرێژی و چەوساندنەوە و جیاکاری، بەتایبەتی گەلی کوردو پێکهاتەکانی تر. هەربۆیە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ئەو گرەنتیەیە کە ئەتوانێت تارادەیەکی زۆر مەترسیەکانی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی، تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی و شەرانگێزی و جەنگ لە عێراق دوربخاتەوە یاخود دەرفەت لەبەردەم تاوانبارەکان نەهێڵێت تاکو لە سزای یاسایی رزگار ببن.

ئاشکرایە تاوانەکانی جەنگی داعش زیانی زۆر گەورەی بەگەلانی عێراق گەیاند بەهەموو پێکهاتەکانیەوە و بەتایبەت یەزیدیەکان بوون بە قوربانی یەکەمی ئەو جەنگە نامرۆڤانەیە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەندام نەبوونی عێراق لەو دادگایە و نەبوونی هەماهەنگی نێودەوڵەتی پێویست بۆ سزادانی تاوانبارانی ئەو تاوانانەی کە رویاندا نەتوانرا وەکو پێویست سزای تاوانباران بدرێت چونکە ئەو تاوانبارانەی کەوتنە بەردەستی دەوڵەتی عێراقی لەدادگاکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عێراق بەپێی یاسا ناوخۆییەکان سزادراون بەڵام بەشێکی زۆر لەتاوانباران تاکو ئێستاش لەسزا رزگار بوونە بەهۆی ئەوەی هەڵگری رەگەزنامەی دەوڵەتانی تربوونە و لە عێراق هەڵهاتوون. کەواتە ئەگەر عێراق ببێت بە ئەندام دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ئەتوانێت توانی نێودەوڵەتی بخاتە خزمەت یەکلایی کردنەوەی کەیسی ئەو تاوانانەی لە عێراق روو دەدەن و بەتوانای ناوخۆیی ناکرێت بەسزای دادپەروەرانە بگەیەنرێن.

## 4. کۆتایی

دوایی ئەوەی توێژینەوەکەمان گەیشت بە کۆتایی ئەم دەرئەنجام و پێشنیارانەی لای خوارەوە دەخەینە بەرچاو :

### 4.1: دەرئەنجامەکان

1-دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بەرهەمی نیو سەدە لە هەوڵ و تێکۆشانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و شارەزایانی بواری یاسایە و بەدەسکەوتێکی گەورە بۆ مرۆڤایەتی هەژمار ئەکرێت.

2-پەیماننامەی دامەزراندنی دادگاکە ( پەیماننامەی ڕۆما) سەرەڕای هەبوونی زۆر دەسکەوتی گەورە، بێ کەم و کوڕی نیە، بەتایبەتی ئەو دەسەڵاتە فراوانەی کە بە ئەنجومەنی ئاسایشی بەخشیوە لە مادەکانی (13 و 16) دا .

3-بەهۆی فراوانی دەسەڵاتی ئەنجومەنی ئاسایش و ئاستەنگەکانی تری پێش دادگاکە بەشێك لە دەوڵەتەکان رەتیان کردۆتەوە ببن بە ئەندام لەو دادگایە چونکە مەترسیان لەسەر دەست وەردان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتەکانیان و پێشێلکردنی سەروەری خاکەکانیان هەیە.

4-عێراق لە قۆناغی رژێمی پێشو پەیماننامەی ڕۆمای رەت کردەو لە دادگاکەدا نەبوو بەئەندام بەبیانوی زاڵ بوونی دەوڵەتە زلهێزەکان بەسەردادگاکەو بەسیاسی کردنی.

5-پاش روخاندنی رژێمی پێشوی عێراق لە 2003 و هاتنە کایەی حکومەتی نوێی و کرانەوەی عێراق بەرووی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بنەماکانی دیموکراسی، واژوی سەرەتایی کرد لەسەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیماننامەکە بەمەبەستی بەئەندام بوونی لەدادگاکە بەڵام بەداخەوە هەر زوو واژۆەکەی کشاندەوەو پەشیمان بۆیەوە.

6-جوڵانەوەیەکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و رێکخراوەیی هەیە لە عێراق و بەتایبەت هەرێمی کوردستان بە ئاراستەی هاندانی عێراق بۆ بە ئەندام بوونی لەدادگاکە بەڵام تاکو ئێستا ئەو هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوونە.

7-عێراق بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو مەیدانی ململانێ و جەنگ و کاولکاری بووەو گەلانی عێراق قوربانی گەورەی ئەو تاوانانە بوونە کە دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیەوە. بەتایبەتی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکان لە نێویاندا دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پشکی شێریان بەرکەوتووە لە قوربانیدان.

8-بەئەندام بوونی عێراق لەو دادگایە دەبێتە مایەی دڵنەوایی زیاتر بۆ گەلانی عێراق و پێکهاتەکانی و گەرەنتیەکە بۆ پاراستنی ماف و کەرامەتیان، کە رێگری دەکات بە رێژەیەکی زۆر لە دووبارە بوونەوەی ئەو کارەساتانە ، ئەگەریش لەحاڵەتێکدا ئەو تاوانانە لە عێراقدا ئەنجامدرا دەسەڵاتی دادوەری عێراق ئەتوانێت سود لە توانای دادگای تاوانی نێودەوڵەتی وەربگرێت بۆ بەسزاگەیاندنی تاوانباران و رێگری کردن لە رزگار بونی تاوانباران لە سزای دادپەروەرانە.

### 4.1: پێشنیارەکان

**1**-پێشنیار دەکەین لۆبیەکی بەهێز بکرێت لەلایەن شارەزایانی یاساو چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ و زانکۆکانی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە بە ئاراستەی فشار خستنە سەر حکومەتی عێراق بۆ بەئەندام بوونی لە دادگاکە.

2-پێشنیار دەکەین هەرێمی کوردستان ڕۆڵی سەرەکی بگێرێت لە هاندانی حکومەتی عێراق لە رێگای نوێنەرەکانیەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە کۆکردنەوەی واژوو پێشکەش کردنی پرۆژە یاسا و لۆبی کردن بۆ بە ئەندام بوونی عێراق لە دادگاکە .

3-پێشنیار ئەکەین بوار برەخسێندرێت بۆ کەسوکاری قوربانیانی کیمیاباران و ئەنفال و جینۆسایدکراوانی یەزیدی تاکو بە رێگای فشاری مەدەنی پاڵەپەستۆ بخەنە سەر حکومەتی عێراق تاکو خۆی پەیوەست بکات بە پەیماننامەکەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4-پێشنیار ئەکەین ساڵانە کۆنفرانس و سیمینار و ۆرك شۆپی زانستی ببەسترێت بە ئاراستەی دەرخستنی گرنگی بەئەندام بوونی عێراق لە دادگاکە.

## سەرچاوەکان:

**یەکەم : پەرتوکەکان**

1- عطيه, ابو الخير. (1999). المحكمة الجنائية الدولية – دراسة للنظام الاساس للمحكمة والجرائم التي تختص بها. دار النهضة العربية. القاهرة. المصر.

2- ابو الوفاء, احمد. (1999). المحكمة الجنائية الدولية الدائمة. ط1. دار النهضة العربية. القاهرة. مصر.

3- مولود, ولد. (2013). المحكمة الجنائية الدولية بين قانون القوة و قوة القانون. دار الامل للطباعة و النشر. تيزي وزو. الجزائير.

4- محيدلي, حسين.(2014). اثر نظام المحكمة الجنائية الدولية على سيادة الدول في الجرائم التي تدخل ضمن اختصاصها. ط 1. منشورات الحلبي الحقوقية. حلب. سورية.

5- الفتلاوي, سهيل, و ربيع.(2007). القانون الدولي الانساني. ط 1. دار الثقافة. عمان. الاردن.

6- الشكري, علي. (2005). القانون الدول الجنائي في عالم متغير, دراسة لمحكمة بيزخ, نورمبرغ, طوكيو, يوغسلافيا السابقة, رواندا, والمحكمة الجنائية الدولية الدائمة, د ط, ايتراك للطباعة و النشر و التوزيع. قاهرة. مصر

**دووەم : سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی**

**7-** Kaka Abdulla, I. (2022). "The challenges of the International Criminal Court in creating global security". Unpublished PhD. Thesis. Faculty of Literature and Humanities. Urmia University. Iran.

**8-** Kirsch, Philippe. (2007). "The Role of the International Criminal Court in Enforcing International Criminal Law." American University International Law Review 22, no. 4: 539-547.

## سێیەم : توێژینەوەکان

9- الرشيدي, احمد.(2002). "*النظام الجنائي الدولي من لجان التحقيق المؤقتة الى المحكمة الجنائية الدولية*" . مجلة السياسة الدولية: العدد 150.
10- رفيق, بوهراوة. (2010). "*اختصاص المحكمة الجنائية الدولية الدائمة*" . رسالة ماجستير. كلية الحقوق و العلوم السياسي. الجامعة الاخوة المنتوري( قسنطينة). الجزائير.
11- عبد اللطيف, براء. (2014). "*أهمية انضمام العراق الى المحكمة الجنائية الدولية في حماية أمنه المائي*" مجلة سداسية محكمة في الدراسات القانونية- جامعة مستغانم: العدد 2 .
12- توفيق, زمزم.(2019). "*النظام القانون للمحكمة الجنائية الدولية*" . رسالة ماجستير. كلية الحقوق و العلوم السياسية في جامعة عبدالحميد بن باديس مستغانم. الجزائير.
13- عبدالله, ياسر.(2017) " *معوقات تحقيق عدالة الجنائية الدولية امام المحكمة الجنائية الدولية* ". مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية: المجلد 6.العدد 21 . الجزء 1.
14- ليندة, لعمامرة. (2012). " *دور مجلس الامن الدول في تنفيذ قواعد القانون الدولي الانساني*". رسالة ماجستير. كلية الحقوق, جامعة مولود معمري. الجزائير.
15- عثمان, عادل. (2010). "*المحكمة الجنائية الدولية بين الشرعية الدولية والهيمنة الأمريكية* ". مجلة الكوفة للعلوم القانونية و السياسية: المجلد 2 .العدد 7. ص 65-87.
16- شعبان, عبدالحسين. (2002)." *المحكمة الجنائية الدولية, قراءة حقوقية عربية لأشكالات منهجية وعملية*. مجلة المستقبل العربي: السنة 25 , العدد 281.
17- علوان, محمد. (2002). " اختصاص المحكمة الجنائية الدولية. مجلة الامن والقانون: العدد الاول.
18- الفهداوي, صداع و زنكنه, عبدالصمد. (2018). " *معيار التمييز بين المعاهدة الدولية والاتفاقية* ". مجلة العلوم القانونية. العدد االاول.

## چوارەم : بەڵگەنامەکان و بڕیارە نێودەوڵەتیەکان

19- The United Nations Charter.
20- The Universal Declaration of Human Rights, 1948.
21- Vienna Convention on the Law of Treaties (1969)
22- Rome Statute of the International Criminal Court.
23- Iraqi constitution 2005
24- Resolution 1422, United Nations peacekeeping, S/RES/1422 (2002).

25- Resolution 1487, United Nations peacekeeping, S/RES/1487 (2003).
26- قانون عقد المعاهدات العراقي رقم (35) لسنة (2015)

**پێنجەم : سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان**

**27-** العبيدي, محمد. (2020 ). "المساعدة الدولية للتحقيق في جرائم داعش بالعراق.. كيف ومتى؟" https://liberties.aljazeera.com/.

28- حسيب, هيمن. (2024). "كورد و المحكمة الجنائية الدولية باللغة الانكليزية". https://dckurd.org/2021/08/05/kurds-and-the-international-criminal-court/

29- جسملة, مصعب. (2023). "أهمية انضمام العراق إلى نظام روما الاساسي". https://molhem.com/@Musaab.thair

30- العساف سوسن. (2023). "لماذا لا تنظر المحكمة الجنائية الدولية بجرائم حرب احتلال العراق!!العدالة العالمية بين ارادة الدول الكبرى ومصالحها الاستراتيجية. https://www.albasrah.net/ar_articles_2023/0323/sawsan_300323.htm

31- الجابر, ضياء. (2021). "أهمية انضمام العراق الى المحكمة الجنائية الدولية بعد جرائم داعش في العراق" https://uokerbala.edu.iq/archives/13129 .

---

# The importance of Iraq's accession to the International Criminal Court and its importance for the Kurdistan Region

**Dr. Idris Abdl Kaka Abdullah**
Department of law, College of law and international relation, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: idres.abdlkaka@lfu.edu.krd

***Keywords:*** *International Criminal Court, Rome Statute, Security Council, Iraqi Parliament, International Crime.*

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

The International Criminal Court was established in 1998 after half a century of efforts by the United Nations and legal experts, which is considered an achievement for international criminal justice.

Iraq, as a multi-national and multicultural country, has gone through many significant disasters, destruction, and wars during the past century like (genocide, crimes against humanity, war crimes, and crimes of aggression). The country’s citizens have become victims of these crimes, were committed against religious and ethnic sects, including the Kurdistan region people, who have the lion's share.

During the period of the previous regime’s rule, Iraq refused to join the court under the justification that the court has been politicized, the domination of powerful countries over it, and the protection of state sovereignty. However, after 2003 and the changes were happened in the political system and the Iraq’s openness to democracy, the Iraqi government during the era of( Ayad Allawi ) signed the Treaty of Rome in order to became a member of the court, but unfortunately soon regretted withdrawing their signature and refusing to join the Roma Statute. However, there has been a strong internal movement, especially from the Kurdistan region, to encourage Iraqi Government to join the International Criminal Court, and through this Article we will discuss the importance of Iraq's accession to the court and its effects on the Kurdistan region.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# أهمية انضمام العراق إلى المحكمة الجنائية الدولية وانعكاساته على إقليم كوردستان

**ملخص:**

تأسست المحكمة الجنائية الدولية عام 1998 بعد نصف قرن من جهود الأمم المتحدة وخبراء القانون وهو ما يعد إنجازا للعدالة الجنائية الدولية.

لقد مر العراق كدولة متعددة القوميات والطوائف بالعديد من الكوارث والدمار والحروب الكبرى خلال القرن الماضي ووقعت فيها (جرائم الأباده الجماعيه، جرائم ضد الإنسانية وجرائم الحرب وجرائم عدوان) وأصبح مواطنو البلاد ضحايا من هذا وترتكب الجرائم ضد الطوائف الدينية والعرقية، بما في ذلك مواطني إقليم كردستان، الذين لهم نصيب الأسد.

وخلال فتره حكم النظام السابق رفض العراق الانضمام إلى المحكمة بحجة تسييس المحكمة و وجود هيمنة الدول القوية عليها و حماية سيادة الدولة، لكن بعد عام 2003 وتغيرات في النظام السياسي والانفتاح العراق على الديمقراطية, قام الحكومة العراقية المؤقتة في عهد إياد علاوي بتوقيع على معاهدة روما لكي يصبح عضوا في المحكمة، لكن للأسف سرعان ما ندم على سحب توقيعه ورفض انظمامها للميثاق التأسيسي. ومع ذلك، فقد كانت هناك حركة داخلية قوية، وخاصة من إقليم كردستان، لتشجيع العراق على الانضمام إلى المحكمة الجنائية الدولية، ونناقش من خلال هذا البحث أهمية انضمام العراق إلى المحكمة وتأثيراتها على إقليم كردستان.